بەڕێوەبەری بانکی ڕافیدەین ڕێنمایی دەدات ئاسانکاری بکرێت لە پێدانی قەرز

ئەمڕۆ شەممە"عەلی کەریم حسەن" بەڕێوەبەری گشتی بانکی ڕافیدەین،ڕێنمایيدا لە ئاسانکاری بۆ ڕێکارەکانی پێدانی قەرز بۆ کڕیاران و پەرەپێدانی میکانیزمی کاری بانکی.

بانکی ڕافیدین لە بەیاننامەیەکدا رایگدیاند: "عەلی کەریم حسەن" بەڕێوەبەری گشتی بانکی ڕافیدەین،ڕێنمایيداوە بە لقەکانی بانکەکەی بۆ ڕێکارەکانی پێدانی ئاسانکاری قەرز بۆ کڕیاران و پەرەپێدانی میکانیزمی کاری بانکی. بەپێی بەیاننامەکە" بەڕێوەبەری گشتی بانکەکە لە میانی کۆبوونەوەی ئاسایی بانکەکە،کە ئەمڕۆ شەممە لەگەڵ بەڕێوەبەرانی بەشێک لە لقەکان بەڕێوەچوو، ڕێنمایيدا بە سەرجەم ستافی بانکەکە بۆ بەڕێوەبەرانی بەش و لقەکانیشەوە،شوێنی کارەکەیان بگەڕێن و ئامادەییان لەبانکەکە بەجێبهێڵن و بچنە سەنتەر و دوکان و قوتابخانەکان و زانکۆ حکومی و ئەهلییەکانی ناوچەی جوگرافیای خۆیان، بە مەبەستی ڕاکێشانی کڕیاران،هەروەها پێداچوونەوە بەو خزمەتگوزارییە بانکیانەی کە پێشکەشیان دەکرێت، و کردنەوەی ئەژمێری بانکیی،هەروەها دابینکردنی پارە بۆ چالاکییە ئابوورییەکان ئەمەش پێویستی بە فراوانکردنی چالاکی کارەکانیان هەیە، وەک هەنگاوێکی گرنگ بۆ بوژاندنەوەی کەرتی تایبەت.